مەتەڵ... بۆ منداڵان

# بۆ زاخاوی مێشك و جووڵانەوەی هزر و بیر


نووسینی : عوسمان دەروێش شكور



كەركوك - ٢٠١٢



ناوی كتێب: مەتەڵ بۆ منداڵان

بابەت: چیرۆك بۆ منداڵان

تایپ: نووسەر

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوكراوەكانی یەكێتیی نووسەرانی كورد– لقی كەركووك ژمارە (١٧٠)

چاپخانە: كارۆ

چاپی یەكەم– ٢٠١٢

تیراژ: (٥٠٠)دانە

## پێشەکی :

گوڵە چاو گەشەکانی کوردستان  سلاّوتان لێ بێت ـ ـ ـ ئەم کتێبەم پێشکەش بە ئێوەی خنجیلانەو ڕوح سووك و زێدە ئازیز، لە هەر جێییەك بن .

. ئێوە لە گوڵ بێ گەرد ترو لە پەپولە بێ گوناهترن . ئێوە نەوەی دواڕۆژی ئەم نیشتمانە و هیوای گەورەی میللەتی کوردن، ئێوە شایانی خزمەتکردنی زۆرن لە لایەن ئێمەی گەورەوە ـ بۆیە دەمەوێ ئامۆژگاریەکتان بکەم وەکو خۆتان قنج ـ ـ ـ کوردیلەکان دەبێ ئێوە هەمیشە بایەخ بە خوێندن بدەن و کۆشش بکەن، وانەکانی قوتابخانە تان بە باشی  بخوێنن ـ ئاستی هوشیاریتان بەرزکەنەوە  بە خوێندنەوەی گۆڤاری منالاّن، پەرە بە بیر و هۆشتان بدەن و دوور کەونەوە لە کاری بێ کەڵك . چونکە کوردستان چاوەڕێی  ئێوەیە .

. هاوڕێکانم ...  ئەم کۆمەڵە مەتەڵەی لە بەردەستانایا دەتوانن لە چەند لاوە سوودی لێ ببینن، جگە لە زاخاوی  مێشك و جولاّنی هزرو بیر تیژیتان  کۆمەڵێ



زانیاری ترتان پێ دەبەخشێ . ئەگەر بە وردی سەرنجی بدەنێ و پیتەکان لە یەك بدەن مانای وشەکان بە دەس ئەهێنن و سەرەنجام مەبەستە گشتیەکە، کە ناوی مەتەڵەکەیە  بە ئاسانی دێتە بەر دەستان .

ـ ئاستی زرنگی خۆتان تاقی بکەنەوەو بتوانن بە کەمترین ماوە مەتەڵەکە هەڵبێنن ـ بەلاّم داواتان لێ دەکەم بە هەوڵی خۆتان مەتەڵەکە بدۆزنەوە  نەك یەکسەر بڕواننە دوا لاپەڕەی کتێبەکە و لەوێ وەلاّمەکەی بە دەس بێنن .

ـ بەپێی زنجیرە ناوی مەتەڵەکان لە دوا لاپەڕەی کتێبەکەیە تکایە ئەگەر هەر نەتان توانی وەلاّم بدەنەوە ئینجا پەنا بۆ ئەو ڕێگەیە بەرن .

ـ بەهیوای سەرکەوتنتان بە پەیژەی زانیاریا تا دوا لوتکەی هیواو مەبەستتان . بە خواتان دەسپێرم .

**مەتەڵ . ١**

**شوتییه له قەبارەر**
**دەڕوا چەشنی کۆلارە**
**هەموو ڕەنگێکی جوانە**
**بەرز دەچێ بە ئاسمانە**
**زۆر سووکە سەنگی نیە**
**دەفڕێت وگیاندار نیە**
**حەوت پیتە ناوی جوانی**
**بیزانە گەر دەتوانی**

* له گۆڤاری منالانی باوه گوڕگوڕ بلاوکراوەتەوە . ژمارە:٦٦



**مەتەڵ . ٢**

**گیاندارێکە بێ زەواڵ**
**نەخشینە  دەفڕێ بەباڵ**
**ناوی لە شەش پیت پێکدێ**
**دەستی بۆ دەبەی دەفڕێ**
**تەمەن کورتەوبێ دڵە**
**شەیدای نا و باخ وگوڵە**
**مەتەڵمان زۆر ئاسانە**
**بیر بکەرەوەو بیزانە**

* له گۆڤاری منالانی باوەگوڕگوڕ بلاوکراوەتەوە . ژمارە :٦٧

## مەتەڵ –٣

دوو مەتەڵن . پێکەوە
بەستاومن بە یەکەوە
هۆی سەرەکین بۆ ژیان
بۆ زۆربەی گیان لەبەران
پێکهاتوون لە شەش پیت
هەر یەکەیان لە سێ پیت
دەبێ چی بێت بۆ ژیان
پێویست تر لە (...) و(....)

* لە گۆڤاری مناڵانی باوەگوڕگوڕ. بڵاوکراوەتەوە. ژمارە: ٦٨.



## مەتەڵ – ٤

حەوت پیتە ناوی جوانی
زۆر تورەیە و شەڕانی
پەلەوەرێ ڕەنگینە
تەوقی سەری پۆپینە
دەڵێن بە شەو مەلایە
ڕۆژ بێتەوە زاوایە

* لە گۆڤاری مناڵانی باوە گوڕگوڕ بڵاوکاوەتەوە. ژمارە:٧٠.

مەتەڵ . ٥

مەتەڵی شەش پیت ئاسانە
خواردنەو بۆ مناڵانە
وەك لۆكە نەرم و نیانە
تامی شیرین، ڕەنگی جوانە
بیكڕە و بیخۆ بەبێ خەم
زوو دەتووێتەوە لە نێو دەم
دە هەڵی بێنە و پەلەكە
دیاریە كەشت هەر....ە

* لە گۆڤاری مناڵانی باوەگوڕگوڕ بڵاوكراوەتەوە . ژمارە: ٧١



مەتەڵ – ٦

پێنج پیتە مەتەڵ ئەمجارە
نە دەخورێت و نە گیاندارە
ئامێرێكی مۆسیقایـە
فووی تیانەكەی دەنگی نایە
درێژ، كون كون، نێوی بۆشە
لێی بزانی دەنگی خۆشە
چییە ئەم ئامێرە جوانە ؟
كە خەم لابەری دڵانە

* لە گۆڤاری مناڵانی باوەگوڕگوڕ بڵاو كراوەتەوە . ژمارە :٧٢

مەتەڵ . ٧

ئاسنە پڕ لە بایە
بۆنی دێ دەنگی نایە
هەیە لە هەموو ماڵێ
کارەساتە بناڵێ
زەرەرێ زۆر دەهێنێ
ماڵکەت دەسووتێنێ
ئەگەر بۆنت کرد . بۆنی
شقا رتە دەر نەهێنی
بۆی بڕۆی بە عیشوەو ناز
دەبی بە قوربانی ....

* لە گۆڤاری منالانی باوەگوڕگوڕ بڵاوکراوەتەوە . ژمارە: ٧٤



مەتەڵ . ٨

خڕە وەک گوێزو وەک گۆ
دەیچێنن وەک گەنم و جۆ
لە کێڵگەی بەراو ئەژێ
هەر پێ بگا دەقلیشێ
توێکڵەکەی لەسەر هەڵگری
پێت ئەدا چنگێ خوری
وەک پەشمەک نەرم و نیانە
وەک بەفر سپی و جوانە
بەڵام وریا بە ناخو رێ
شتی لێ درووست دەکرێ
مەتەڵ کە وەکو گۆیە
سوودی بۆ من و تۆیە
دە ئازاکە بیزانە
ناوی چوار پیتی جوانە
مەتەڵ .٩
وشەی کوردیە

ناوی خواردنە
بەبێ ئەو مرۆڤ
رڕووە و مردنە
گەر پیتەکانی
پێچەوانەکەی
جیاوازی نابێ
مانای ناوەکەی
هیچ کەسێ نیە
لێی نەخواردبێ
ژانی برسێتی
لێ نەشکاندبێ
ئەو خواردنەچی یە ؟
هێندە زە روورە
برژاوی سەر ساج
یا ناو تەنو و رە
بیری لێ بکەوە
هەڵی بێنە زوو
لە گەڵ سەوزەیە
بیکە بە پا روو



## مەتەڵ . ١٠

مەتەڵ شەش پیتی جوانە
شا رێکی کو ردستا نە
خاوەن ئاڵتونی ڕەشە
بەڵام کورد لێی بێ بەشە
دیلی دەستی زۆر دارە
دوژمنی بە هەزارە
هە رچی هەیە ژێر خانی
گشت دەچێ بە تاڵانی
کام شا رە لە کوردستان
هێمای پێکەوە ژیان .

مەتەڵ . ١١

مەتەڵ خڕە نێوی بۆشە
یاری پێکردنی خۆشە
چەندی تێهەڵدەی نا ڕەنجێ
هەرچەندە لە دەستت هەڵدێ
بەڵام خێرا دەیگریتە وە
بەڵکو بەر شووتی دەیتەوە
گەورەو مناڵ شەیدای ئەون
بە ڕاکردن دوای ئەکەون
کێ گۆڵی زۆرتربێ لە وان
براوەیە لە گۆڕەپان
ناوەکەشی سێ پیت جوانە
دە زوو بیر کەوە و بیزانە



مەتەڵ .١٢

دوو شلەیە ڕەنگیان جیایە
نێو توێکڵێ ناسکایا
بە بێ بە ربەست هان پێکەوە
ناشرژێنە نا و یەکەوە
توێکڵە کانیان ڕەنگیان جیایە
قەبا رەشیان هەر ئەو هایە
ڕەنگیان سپی یان زەرد کاڵن
تیا شیانە هەیە خاڵ خاڵن
بچووك و گەورە یان هەیە
لە هاوشێوەی پەتاتەیە
لە خشۆکەو لە پە ڕەندە
لە بێ پەڕو گشت باڵندە
مێیەکان دەیکەن نەك نێرە
جگە لە شەم شەمە کوێرە
زۆربەی ئەو شتانەش دەخورێن
بە کوڵان، یان لە ڕۆن دەکرێن
مەتەڵ خۆشە و زۆر ئاسانە
بیری لێبکەوە بیزانە

مەتەڵ . ١٣

مەتەڵمان گیان لەبەرە
ئاژەڵێکی شیر دەرە
(مالۆس) ناوی مێکانە
نێرەکانیش (یەکانە)
(کۆدەڵە) بێچوویانە
دەم و لموزیان پانە
دەژین لە ناو دارستان
یان لە ناو زۆنکاوەکان
شفرەی نێرەکان ئەوان
ڕەقە وەك خەنجێر دەبان
هەموویان پێست ئەستوورن
لە پێنج پیتیش پێك هاتوون
گۆشتیان چەن خۆش بێ و بە تام
حەرامە لە ناو ئیسلام .



مەتەڵ . ١٤

مەتەڵ سێ پیتە ئەمجارە
میوەیە لە بەری دارە
ڕە نگیان سوورە یاخو زە ردە
بە سوودە لابەری دەردە
ڕۆژی یەك دانەی لێ بخۆ
داو و دەرمانت ناوێ تۆ
مەتەڵ هەڵبێنەو  بیبینە
چەن تامی خۆشە و شیرینە

* لە گۆڤاری (حاجیلە) بڵاو کراوەتەوە . ژمارە:٤

### مەتەڵ . ١٥

مەتەڵمان پێنج پیتی جوانە
نووکی تیژە، سەری پانە
ناڕوا هەتاکو لێی نەدەی
ڕۆی . . . دەبێ بە زۆر دەریکەی
چی یە ئەمەندە سەر سەختە
دەیدەین لە دیوار و تەختە

* لە گۆڤا ری (حاجیلە) بلاوکراوەتەوە . ژمارە :٣



### مەتەڵ .١٦

مەتەڵی شەش پیت
بەسوودە بۆ مان
هەر وەکو گۆچان
دەیگرینە دەستمان
بۆ تیشکی خۆری
گە رمی هاوینان
دەیکەینە سێبەر
لە ژووری سەرمان
پێویستمان دەبێ
لە وەرزی زستان
دەمانپا رێزێ
لە بەفر و باران .

* لە گۆڤا ری ( گولەکان) بلاو کراوەتەوە . ژمارە:٤٦

مەتەڵ . ١٧

مەتەڵ شەش پیتە،زۆر جوان . . .
دەفڕێ  دەچێتە ئاسمان
بە کلك . . دووپشکەیە
بە باڵا . . . فریشتەیە
ڕە  شمەی هەیە و بێ گیانە
چی یە ئەو شتە جوانە ؟

* لە گۆڤاری منالانی باوە گوڕگوڕ بلاو کراوەتەوە . ژمارە :٧٧



مەتەڵ . ١٨

ناوی مەتەڵ سێ پیتە
گوێی قو تە چاوی زیتە
بە هەستە و زۆر وریایە
هەمیشە لە کوونایە
ئەم گیاندارە ووردیلە
دەترسێ لە پشیلە
چونکە بیگرێ  زوو بە زوو
قووتی دەدات وەك پا روو
هەڵی  بێنێ هەر کەسێ
ئازایە لێی ناترسێ

*لە گۆڤا ری ( گوڵەكان) بلاوكراوەتەوە . ژمارە :٤٧

**مەتەڵ . ١٩**

مەتەڵ سێ پیتی جوانە
بیرکە رەوە و بیزانە
گیاندارێکی بچووکە
بێ پەڕو باڵ و تووکە
سەری پشتی خاڵ خاڵە
بۆ مێشوولە عەودالە
دەژێ لە ناو زۆنکاوا
لە وشکایی و ناو ئاوا
لە پێستەوە بە جوانی
دەدات هەناسەکانی
هەڵی بێنە و مەتۆقە
بە ستە زمانە ئەو...ە

* لە گۆڤاری (حاجیلە) بڵاو کراوەتەوە . ژمارە :٢



**مەتەڵ .٢٠**

مەتەڵ شەش پیتی وردە
ناوی شاعێرێ کوردە
وەك دیلێ ناسراوە
لە ژیاندا نەماوە
مەرد بوو، نەترس بوو، بوێر
شاعیرێ بوو، شۆ ڕشگێڕ
خەڵکی شا ری پڕ گڕە
نەوەی باوە گوڕ گوڕە
ئەگە ر تۆ ڕۆشنبیری
هەر زوو دەڵێی ....

* لە گۆڤاری (حاجیلە) بڵاو کراوەتەوە . ژمارە :١

### مەتەڵ . ٢١

شەش پیتە ناو گیان لەبەرە
مەلێکی ڕەش و کۆچەرە
لە وەرزی زستان دێنەوە
بەها ران دەگە ڕێنەوە
بەساچمە و بە تۆڕ و بە داو
ڕاوچی زۆریان لێ دەکا ڕاو
کام مەلە وا بە ستە زمانە
دەیانبینین لە زستا نە

* لە گۆڤاری (حاجیلە) بلاڕوکراوەتەوە . ژما رە : ٨



### مەتەڵ . ٢٢

مەتەڵ پێنج پیتە گوڵێکی سێ ڕەنگ
ئەڵێ بەهارە بڕۆن بۆ ئا هــە نگ
پیت لە پیت بدەین ئەگەینە مەبەست
ناوی مەتەڵمان دێتە بەر دەست
پیتی یەك و دوو لە گەڵ پیتی سێ
پێچەوانەی مێ ناوی دەنووسرێ
پیتی چواو پێنج وشەی مناڵە
واتای گاز گرتن یاخو قەپاڵە
پیتی پێنج لە گەڵ دوو دا بهێنە
وەك ڕووبا ر ئاوی هەیە ئەو شوێنە

* لە گۆڤاری گوڵەکان بڵاوکراوەتەوە . ژمارە: ٥٤

**مەتەڵ . ٢٣**

**شلەیەکی سپی و جوانە**
**بەروو بوومی ئا ژەڵانە**
**ماستە و لە مەشکەی ڕۆ ئەکەن**
**بۆ ژەنین سێپای بۆ ئەکەن**
**ئەمەندە ئەی شەڵە قێنن**
**کەرەو چەوری لێ دەردێنن**
**ئەوەی وا دەمێنێتەوە**
**شلەیەکەو دەخورێتەوە**
**خۆشە کاتێ مزرو سارد بێ**
**قەزوانیشی تیا کرابێ**
**چیە ئەوەی دەخورێتەوە**
**دوو پیتە بیرت بێتەوە**



**مەتەڵ .٢٤**

**تەنها لە سێ پیت پێك دێ**
**دوای ڕۆژ ئاوابوون ئەو دێ**
**دەڵێ دەی کۆ ببنەوە**
**لە ماڵ یەك بگرنەوە**
**کەمن هاتم بسرەون**
**پشوو دەن و بخەون**
**چیە بە فەرمانی ئەو**
**هەموو چاو ئەنێینە خەو**

*** لە گۆڤاری ( حاجیلە) بڵاو کراوەتەوە . ژمارە :٥**

### مەتەڵ . ٢٥

مەتەڵ پێنج پیتە ئەمجارە
نە دەخورێت و نە گیان دارە
چی بڵێی ... ئەڵێ بەسەر چاو
بۆتی دەخاتە سەر پە ڕاو
پیتی یەك و دوو ... بەكارە
ئەندامە لە لەشی گیاندارە
پیتی پێنج لە گەڵ دوو و چواری
بیكڕە ... ئەگەر كڕیا ری

* لە گۆڤاری (حاجیلە) بڵاوكراوەتەوە . ژمارە :٧



### مەتەڵ٢٦

پێنج پیتە مەتەڵ دڵۆپە ئاوە
لەسەر پە ڕەی گوڵ یا گیا وەستاوە
وەك فرمێسكی چاو، ڕوون و گەش دیارە
زیاتر لە زستان یا لە بەهارە
پیتی یەك و دوو لەگەڵ پیتی سێ
كە ڕۆژ ئاوا بوو ئینجا ئەو دادێ
پیتی یەك و دوو پێنجی بۆ دانە
خۆشەویستەكەی وەلی دێوانە
پیتی پێنج و چوار بنووسیتەوە
تۆی وا مەتەڵمان دەخوێنیتەوە

* لە گۆڤاری (حاجیلە) بڵاوكراوەتەوە . ژمارە: ١٠

### مەتەڵ . ٢٧

مەتەڵ شەش پیتی ئاسانە
جەژنی گەلی کوردستانە
یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی
گەلی کوردی قا رەمانە
جەژنی گوڵ و دار و درەخت
کۆتایی وەرزی زستانە
سەرەتای وە رزی بەها رو
تە قیـنی کانـیاوەکانە
ڕۆژی جە ژنێکی دێرین و
یادی کاوەی پاڵە وانە
دەبێ چی بێت مانای مەتەڵ
بیری لێ بکـەوەو بیزانە

* لە گۆڤاری (منالآنی باوەگوڕگوڕ) بڵاوکراوەتەوە . ژمارە :٧٦



### مەتەڵ .٢٨

بەردێکە ڕەش و سوتا و
بەکاری دێنن بۆ چا و
لەپێش بەکار هێنانی
ووردی دەکەن بە جوانی
چیلکە دارێ ڕێك و جوان
لووس و بێ گرێ و زیان
بە زمان تەڕی دەکەن
لە ناو ئەو شتەی دەکەن
چیلکەکەش لێی هەڵئەگرێ
بۆ ئەو چاوەی ئە ڕێژرێ
منالٌی کۆرپەو ژنان
بۆ برۆ و ژێر برژانگیان
ئەو ڕەشییە بەکا ر دێنن
تا جوانتر خۆ بنوێنن
ئەو بەردە هاڕڕاوە
بدۆزەوە چی ناوە ؟؟

**مەتەڵ . ٢٩**

**مەتەڵ چوار پیتە ئەمجارە**
**بۆ کەسێکی خوێندەوارە**
**هەرچیت بوێ لە ناویایە**
**ژیان  بێ ئەو بێ مانایە**
**پڕ لە زانستەو زانیاری**
**سەرچاوەی بیرو هۆشیاری**
**وەکو مامۆستا پێت دەڵێ**
**هەر لە ئەلفەوە تاکو یێ**
**بێ بوونی ئەو ئەم ژیانە**
**خەڵك نابیناو . . . شار وێرانە**
**چیە وا بە سوودە بۆمان؟**
**بێ ئەو تامی نیە ژیان**



**مەتەڵ . ٣٠**

**مەتەڵ پێنج پیتە**
**کوڵاو و کوتراو**
**بە ئاش و دەستا ڕ**
**وورد بووە تەواو**
**زوو دەبێتە چێشت**
**کاتی لێنانی**
**تامی زۆر خۆشە**
**گەر لێی بزانی**
**پیتی یەك و چوار**
**پێنجی بخە سەر**
**بە بێ ئەو ژینی**
**نیە گیانلەبەر**
**پیتی یەك و سێ**
**پێنجی بۆ بێنە**
**ناوی ڕەنگێکە**
**وەك ڕەنگی خوێنە**

یەك و پێنج و سێ
چواری بۆ دانە
بایەكی فێنكە و . .
ناوی . . . ژنانە

* لە گۆڤاری (گوڵەكان) بڵاوكراوەتەوە . ژمارە: ٤٨



## مەتەڵ . ٣١

مەتەڵ شەش پیتی دیارە
زەوییە هی جوتیارە
تۆوی دەكا و دەیكێڵێ
بە تەراكتۆ ر و، بێڵێ
بە هەوڵی كاكەی جوتیار
بە كۆشش كردنی و كا ر
سەوز دەبێ و دێتە بەرهەم
میوەی جوانی گوڵ بەدەم
ئەو زەوییە بە پیتە
چی پێدەڵێن . ؟ شەش پیتە .

* لە گۆڤاری (گوڵەكان ) بڵاوكراوەتەوە . ژمارە:٥٢

**مەتەڵ . ٣٢**

**لە توخمی میوەهاتە**
**لە شەش پیتیش پێك هاتە**
**خەت خەت، سپی و زەردی جوان**
**دەڕوێ ناو باخ و بێستان**
**تەنها بۆ جوانی و بۆ بۆن**
**ڕوواوە نەکەن بیخۆن !!**



**مەتەڵ . ٣٣**

**مەتەڵ نۆ پیتە**
**دەفڕێ و باڵدارە**
**شوێنی چزۆکەی**
**زۆر بە ئازارە**
**لە قەبارە وەك . . .**
**دەنکە خورمایە**
**ژیانی وەك هەنگ**
**لە ناو شارایە**
**پیتی شەش و نۆ**
**سێ و یەکشی لە پاڵ**
**دەکاتە چوار بەش**
**مانگەکانی ساڵ**
**پیتی چوارو پێنج**
**هەشتی لەگەڵ بێ**
**بە سەگ دەوترێ**
**لە ڕەگەزی مێ**

پیتی یەك و دوو
سێ و چوار بە ڕیزە
ناوی ڕەنگێکە
وەك ڕەنگ پایزە
دە هەڵی بێنە
ئاسانە ناوی
هەتا لە ناکاو
پێوەی نەداوی .

* لە گۆڤاری( گوڵەکان) بڵاوکاوەتەوە . ژمارە :



## مەتەڵ . ٣٤

نە دار و بەرد، نە گیاندارە
نە دەشخورێ چونکە شا رە
ژێر زەویەکەی دەریای نەوتە
ناوی سێ (ك) ا فی تێکەوتە
بە ناوبانگە لە گشت جیهان
وا لە باشووری کوردستان
دوژمن چاوی تێبڕیووە
چونکە خاکی زێڕ و زیوە
کام شارە وا پڕ سامانە
هالە ژێر دەستی بێگانە

**مەتەڵ . ٣٥**

پێنج پیتە ئەم  مەتەڵە
چوار پێی هەیە و ئا ژەڵە
لە بنەماڵەی  سەگە
هەشە لەوان دوو ڕەگە
دەمی وەك ڕێوی وایە
لە غاردان زۆر ئازایە
کەمەر باریکە و لاواز
ڕاو دەکات بە وێنەی با ز
ئەگەر نێچیر ببینێ
زوو خۆی ڕا دەپسکێنێ
ڕا دەکا و دە ر دەچێ بۆی
دەیگرێ بۆ خاوەنی خۆی
چیە خێرایەو بە تاو ؟؟
خاوەنی دەیبات بۆ ڕا و



**مەتەڵ . ٣٦**

زۆر جوانن و ئێسك سووك
خواردن دەخۆن بە دەنوك
هەموو ئەوان پەڕدارن
دەفڕن و باڵدارن
دەچنە نێو دارستان
بۆ سەرلقی دارەکان
هەموو جۆرێکی ئەوان
دەفڕن بەرەو ئاسمان
هێلانە و هێلکە دەکەن
بەو شێوەیە زیاد دەکەن
ناویا لە سێ پیت  پێکدێ
دوو باڵیان هەیە و دوو پێ
بیدۆزەوە بە پەلە
تا نەموتووە ....٥

مەتەڵ .٣٧

لە چەند پارچە پەڕۆیە جوان
دروستی دەکەن، ولاّتان
هەر ولاّتەو هی خۆی جیایە
هێمای خۆیانیانی تیایە
هی دوو ولاّت  وەکو یەك نین
هەڵکراون و لە بەرزین
ولاّتێ یەك دانەی لەوە
بەسیەتی بۆ ناسینەوە
دەبێ مانای مەتەڵ چی بێ
ولاّتێك یەك دانەی  ببێ



مەتەڵ . ٣٨

مەتەڵ پێنج پیتە ئەمجارە
جوانترین گوڵی بەهارە
ڕەنگی سەوزەو سپی و زەردە
بۆن خۆشە، پاکە و بێ گەردە
پیتی پێنج لەگەڵ دوو بێنە
ئاوی پیا دەڕوا ئەو شوێنە
پیتی یەك و دوو لە گەڵ سێ
نیوەی کۆمەڵی لێ پێکدێ
چوار و سێ و دوو کۆکەیتەوە
تا هەوڵ نەدەی ناکرێتەوە .

* لە گۆڤاری ( منالاّنی باوە گوڕگوڕ) بلاّوکراوەتەوە . ژمارە:٧٩

مەتەڵ . ٣٩

مەتەڵ حەوت پیتی جوانە
گۆڤاری مناڵانە
پڕ چیرۆکەو زانیاری
شیعر و پەند و هۆشیاری
مەتەڵ بۆ زاخاوی بیر
بۆ ئێوەی ژیکەڵەو ژیر
جۆری جیاوازی و وێنە
ئەی دەزانی و هەڵبێنە
مێژووی گەلان و خۆمان
بابیزانین هەمووومان
هەڵی بێنە، مەوە ستە
مەتەڵ وا لەبەر دەستە .

* لە گۆڤاری (گوڵەکان) بڵاوکراوەتەوە . ژمارە . ٥٦



مەتەڵ . ٤٠

دوانزە پیتەو گیانلەبەرە
مەلە . . بێ پەڕە و شیردەرە
خۆی هەڵئەواسێ بە دیوار
قاچ لە بەرزی و سەری لە خوار
بە ڕۆژ دە رناچێ . . تەنها شەو
مێشوولەیە خۆراکی ئەو
پیتی یەك و پێنج لە گەڵ نۆ
بێ ڕوناکی نا بینی تۆ
هەشت و دوو و نۆ ناوی مەلە
بیدۆزەرەوە بە پەلە
هەشت و دە و نۆ شوێنی بەرزە
وەکو شاخە لەسەر ئەرزە
شەش و چوار هەشتی بۆ دانە
گیاندارێکی بە ستەزمانە
ئەم مەتەڵە کام گیاندارە
دەیبینین سەر لە ئێوارە

* لە گۆڤاری ( گوڵەکان ) بڵاوکراوەتەوە . ژمارە : ٥٠

مەتەڵ . ٤١

مەتەڵێکە بۆ خاوەن بیر
باریك و ڕێك  وەك تەباشیر
بە کاغەز سپی پێچراوە
گەڵای وشکی  تێکـراوە
پڕە لە دەرد و نەخۆشی
خەڵکیش دەیکێشێ بۆ خۆشی
گەر بزانن مانای مەتەڵ
تێدەگەن زیانی دوکەڵ .

* لە گۆڤاری (گوڵەکان) بلاو کراوەتەوە . ژمارە :٥٣



مەتەڵ . ٤٢

لە کا و قوڕ درووست دەکرێ
کونێ لە خوارووی  دەکرێ
خڕە و ورگ ئاوساوە
سەری دانەپۆشراوە
نەوت یا چیلکەی تیا ئەکەن
ئاگری تێ بەر ئەدەن
کاتێ سوور دەبێتەوە
گڕی دەمرکێتەوە
ئەو کاتە سووك و ئاسان
دەبرژێنێ نانەکان
چیە ئەو مەتەڵەی وا
لە بەر دەستی نانەوا ؟

* لە گۆڤاری (حاجیلە) بلاوکراوەتەوە . ژمارە :١٣

**مەتەڵ . ٤٣**

**تەنها سێ پیتە مەتەڵ**
**ناشرینە ناو کۆمەڵ**
**دەبێتە هۆی تەفرە دان**
**زۆر بە ڕقە لێی یەزدان**
**وشەیەکە قێزە ون**
**تکایە دوای مەکەون**
**خاوەنی ئەو ڕەفتارە**
**هەمیشە شەرمە زارە**
**ناڕاستیی وتەکانی**
**ئازار دەداتە گیانی**
**چیە ئەو وشەیە وا**
**خاوەنی دەکا ڕیسوا . ؟**

* لە گۆڤاری (حاجیلە) بڵاوکراوەتەوە . ژمارە: ٩



**مەتەڵ . ٤٤**

**نووکی تیژە . . دڕك نییە**
**چاوی هەیە، مرۆڤ نییە**
**لەبەر بچووکی و باریکیی**
**نابینرێ لە تاریکیی**
**لە کانزا دروستکراوە**
**ئەم پێنج پیتەی هاوڕێی داوە**
**بینیومانە هەر هەمووومان**
**بەکاری دێنین بۆ دروومان**

**مەتەڵ . ٤٥**

**مەتەڵ حەوت پیتە**
**شیرین و خۆشە**
**خواردنێ باشە و**
**شیفای نەخۆشە**
**پیتی  حەوت و شەش**
**لە گەڵ پێنجەمە**
**دوو چارەك ڕێكە**
**لە تەواو كەمە**
**پیتی یەك و دوو**
**لە گەڵ سێ و چواری**
**وریابە پەنجە**
**نەبەی بۆ شاری**
**پیتی حەوت و دوو**
**لەگەڵ پیت شەشە**
**مۆسیقایەكە**
**زۆر دەنگی خۆشە**



**چوار و دوو، شەش**
**پێنجیش پێكەوە**
**ڕەنگە بگەنێ**
**زوو نەیكەیتەوە**

*** لە گۆڤاری ( گوڵەكان) بڵاو كراوە تەوە . ژمارە:٥١**

## مەتەڵ . ٤٦

ئەم مەتەڵە چوار پیت ڕێکە
خواردنە بۆمانی تێکە
هەموو ڕۆژێ لە هەموو ماڵ
دەبێ بیخۆن گەورە و مناڵ
ڕۆژی ژەمێ یاخو دوو ژەم
دروست دەکرێ یا زۆر یاکەم
پیتی سێ و دوو بخە لاوە
تەڕە ئاویش لێی نەداوە
پیتی سێ و دوو لە گەڵ چوارە
پیاوی بێ مێشك و بەدكارە
مەتەڵ ئێستا کە کولاوە
ناو مەنجەڵە .. لێنراوە .



## مەتەڵ .٤٧

مەتەڵ ئەمجارە گەلێ ئاسانە
شاخێکی بەرزە لە کوردستانە
دە پیتی ڕێکە ئەو ناوی جوانی
بیر بکەیتەوە هەر زوو دەیزانی
پیتی یەك و دوو سێ ی بخەرە پاڵ
بە کەسێ دەڵێن تەمەن حەفتا ساڵ
حەوت و نۆ لەگەڵ سێ دیسان حەوتی
مەڕەکەت دەخوا .. شوانە گەر خەوتی
پێنج و شەش و سێ بە حەوتەوە بێ
گریان و پرسەی بە دواوە دەبێ
پیتی دە و چوار و سێ وپێنجی نیان
جێگەکەت وابێ شەو هەتا بەیان
تەنها پیتی پێنج لە گەڵ دە بێنە
بە تۆی خوێنەرمە .. مەتەڵ هەڵبێنە ! .

**مەتەڵ . ٤٨**

مەتەڵ شەش پیتی جوانە
شارێکی کوردستانە
مێژووی کۆنە ئەو شارە
شاری قەڵاو منارە
پیتی چوار و پێنج و شەش
لە گەڵ دوو بکە یەك بەش
وشەیە دەر ئەکەوێ
بە پێچەوانەی لە وێ
کە پیتی چوار و دوو و سێ
لە گەڵ پێنجی بنووسرێ
(لێرە) بە پێچەوانە
نووسراوە ئەو پیتانە
چوار و پێنج و سێ جوانە
بۆ داپۆشینی ددانە
بەپیتی یەك و دوو و سێ
شەشی لە گەڵ بنووسرێ
مەحاڵە بێ ئەو باران
دا بباریێ لە ئاسمان .



**مەتەڵ . ٤٩**

دەیخوسێنن کونی دەکەن
وەك تەسبیح داوی تێدەکەن
میرووی شووشە یان زەنگیانە
بۆ جوانی لە نیوانیانە
دەیهۆننە وە دەنکە دەنکە
دەیکەنە مل وەك ملوانکە
بە بۆنی خۆش ناسراوە
نێو ژنانی کوردا باوە
هەشت پیتە ئەم شتە جوانە
بیری لێبکەوە و بیزانە .

* لە گۆڤاری (حاجیلە) بلاّوکراوەتەوە . ژمارە :١٢

**مەتەڵ . ٥٠**

ئەمە چیە ... پەلەکە
شووشە و، تەل و، تەنەکە
ئاگر و پلیتە و نەوت
یەکێکی کەمە لە حەوت
بەم کەرە سانەی وتمان
لێی دەردەچێ شتێ جوان
کاتێ کارەبا دە بڕێ
ئەو شوێنی گلۆپ دەگرێ
نەمۆمە و نە لاییـتە
ئیش دەکا بە پلیتە
دوو پیتی ناوی (را) یە
زووبە بڵێ (...) یە



**مەتەڵ .٥١**

لەسەر جادە ڕاوەستاوە
کڵاوێکی لە سەر ناوە
وەك کۆتر باز فیکە دەکات
لا ڵ نیە و ئیشارەت دەکات
بەسەرماو گەرما وە ستاوە
خۆ شێتیش نیە ئەو پیاوە
ئەو بە یاسا و ڕێنما یی
بێ لوت بەرزی و لە خۆبایی
شۆفێرە کانمان فێر دەکا
چۆن بە شەقامە ڕێ بکا
هەڵی بێنە چی کارە یە
وا خەمخۆری ئەم شارە یە .

**مەتەڵ . ٥٢**

**سێ پیتی هەیە و چوار پێ**
**هەیە لە شار و لە دێ**
**بەم ئا ژەڵە لە مێژە**
**وتراوە گوێ درێژە**
**کێوین بە شێ لە ئەوان**
**بە ڕنگی خەت خەتی جوان**
**ئەوانەیش وا دەستە مۆن**
**تێر ئالیك و تێر کا و جۆن**
**هەمیشە لە ژێر بارن**
**یان لە ژێری ڕێبوارن**
**بە کام گیاندار  دەڵێن هۆش**
**بە زەڕڕەی دەڵێن ناخۆش .**

*** لە گۆڤاری (گوڵەکان ) بڵاوکراوەتەوە . ژمارە ٥٨**



**مەتەڵ . 53**

**ئامێرێکی خـڕو پانم**
**هاوڕێی سۆفی و موریدانم**
**من لەگەڵ گۆانی و سەمام**
**گەلێ خۆشە دەنگ و نەوام**
**لە چەرم و دار، ئەڵقەی ئاسن**
**درووست دەکرێم گەر نامناسن**
**لە ڕۆژ هەڵات ناسراوم**
**تەنها هەر سێ پیتە ناوم**
**ناوەکەم دالی هالە پێش**
**خۆشم وام لە دەستی دەروێش**
**من چیم  زووکە هەڵم بێنە ؟!**
**بمژەنە و خەم بڕە وێنە .**

**مەتەڵ . ٥٤**

لە باخا ... سەوز و گەشە
لەناو بازاڕدا ... ڕەشە
لێ دەنرێ لە هەموو ماڵ
بۆ خێزان ... گەورە و مناڵ
بەبێ شەکر مەحالـە
بیخۆیتەوە زۆر تاڵە
پیتی ناوەکەی سیانە
لێنانی زۆر ئاسانە
ئەگەر نەزانی واتای
قۆرییەکە پڕە لە ....

* لە گۆڤاری (گوڵەکان) بڵاوکراوەتەوە . ژمارە : ٥٥



**مەتەڵ .55**

وەك شێلم و چەوەنەر
دەڕوێنرێ و دێتە بەر
دوایی بۆ کارگە دەبرێ
لەوێ پاك و ورد دەکرێ
کاتێ دەگاتە دەستمان
سپی وەك بەفری کوێستان
لە بازاڕا ... دەیکڕین
مەتەڵی چوار پیت شرین
ئەگەر هێشتا تێناگەی
چای تاڵ بوو داوای دەکەی .

* لە گۆڤاری (گوڵەکان) بڵاوکراوەتەوە . ژمارە:٥٧

**مەتەڵ . ٥٦**

لە دەرەوە ...
لە بەر سەرما ڕچیووە .
لە ژوورەوە ...
وەك بوك تارای پۆشیووە .
لە گەرما یا ...
دەرگایان دەکەینەوە .
لە سەرمایا ...
دیسان دای ئەخەینەوە .
لە کاتی ڕۆژ...
بۆ ڕووناکی بەر کەوتن .
لەکاتی شەو ...
پەردەی ئەدەین بۆ خەوتن .
ئەمە چیە ؟
ها لە ناوەندی دیوار .
دروست دەکریٚ ...
لە شووشە و ئاسن، یان دار

* لە گۆڤاری (گوڵەکان) بڵاوکراوەتەوە . ژمارە :٥٩



**مەتەڵ . ٥٧**

مەتەڵ پێنج پیتە ... زۆر خۆشە
ترشە ... شیرینە ... مێخۆشە
خڕە ... ڕەقە ... توێکڵدارە
بیزانی، دەیڵێی (....) ە

مەتەڵ . ٥٨

مەتەڵ حەوت پیتە
نووسینی جوانە
بۆ سەر تەختە ڕەش
لە قوتابخانە
سپی و زەرد و سوور
سەوز و مۆر و شین
هەموو ڕەنگێکی
جوانە بۆ نووسین
پیتی پێنج و شەش
حەوتی بخە پاڵ
دەیخوا هەتاکو
گەورەبێ منداڵ
پیتی سێ و چوار و
پێنج بخە لاوە
بە بێچەوانەی
وشەی خراوە



پیتی یەك و دوو
پێنج و شەش هەموو
دارە بۆ ڕستـن
لۆکەو خوری و موو
بیر بکەرەوە
مەتەڵ ئاسانە
لە پۆل دە یبینی
لە کاتی وانە

* لە گۆڤاری (گوڵەکان ) بڵاوکراوەتەوە . ژمارە : ٤٩

مەتەڵ . ٥٩

سێ پێتە ئەم گیاندارە
مەلیش نییە و باڵدارە
لە شوێنی پیس و بۆگەن
هێلکە یا گەرا دەکەن
لە سەر پاشە ڕۆ و برین
یا لەسەر شتی شرین
دەنیشنەوە ... لێی دەخۆن
دەستیان بۆ ببەی دە ڕۆن
لە شوێنی پاك و خاوێن
ناتوانن بژین هەڵدێن
هەڵی بێنە مەتەڵمان
قەلاّچۆیکە بە دەرمان

* لە گۆڤاری (حاجیلە) بلاّوکراوەتەوە . ژمارە : ١٤



مەتەڵ . ٦٠

دوو دەستی هەیە و دوو پێ
دەبینرێ .. . لە لادێ
گوێچکەی هەیە و شاخدارە
چاوی بزە و ... ڕیشدارە
زۆر هاوڕێیە لە گەڵ مـەڕ
لە گەڵیا ناکاتـە شـەڕ
بە جێی سـەخت و دژ وارە
دەڕوا ... زۆر نالە بارە
ئەمەندە لاڕێ دەگـرێ
شوان ... پلاری تێدەگرێ
بیزانە چیـە ناوی
تا بەر قۆچـی نە داوی

* لە گۆڤاری (گوڵەکان) بلاّوکراوەتەوە . ژمارە:٦٠

### مەتەڵ . ٦١

نۆ پیتە ناو گیانلە بەرە
سپی وەك بەرخ ڕەش وەك كارە
لە ناو ماڵ و بەر هەیوانــە
دروستی دەكا هـێلانــە
مەلێكە دێ لە بەهارە
پایز كۆچ دەكا دووبارە
پیتی پێنج و شەشی وردی
ژمارە یەكە بە كـوردی
پیتی هەشت و نۆ لە گەڵ سێ
یەكێكە كە هیچ نەبیستــێ
پیتی سێ و شەش بنووسە تۆ
بەسەر ئەو جێیەدا بـڕۆ
ناوی مەتەڵمان كام مـەلە
دە هەڵیبێنە بە پەلـە



### مەتەڵ . ٦٢

مەتەڵ گیانـدارە
پێنج پیت تـەواوە
لـە ڕۆیشـتندا
تەمـەڵ و خـاوە
هـێلكە دەكـات و
وەك مـەڕ گیا دەخوات
لە نا و ئاویشـــدا
جوان مـەلە دەكات
پیتی دوو و چوار و
یەكیش ئـەمـجارە
بە زمـانی كوردی
ناوی ژمـا رە
تەنها پیــتی سێ
لە گەڵ یەك دانـە
ئەندامـی لە شـە
لە گـیانـدارانە

پیتی دوو لە گەڵ
پیتی چوار و سێ
بە زمانێ دیکە
(بەڵێ) دەنوسرێ
مانای مەتەڵمان
زۆر ڕوون و زەقە
سەر پشتی وەکو
دارو بەرد ڕەقە



### مەتەڵ . ٦٣

مەتەڵ پێنج پیتە
دەخورێ و شیرینە
بەرهەمی کا تی
وە رزی هاوینە
دارەکەی بەرزە
سەر لە حەوایە
حەزی لە کەش و
شوێنی گەرمایە
پیتی چوارو پێنج
لە گەڵ پیتی سێ
زۆرینەی مرۆڤ
لە ئەو دەترسێ
پیتی یەك و دوو
لە گەڵ پێنجی جوان
ئەو بالاّ دەستە
لە ئەرزو ئاسمان

پیتی یه ك و پێنج
لەگــەڵ چوار هەموو
بـەکاری دێنـن
بۆ جـلی مـردوو
ئەوەی بـزانێ
مەتـەڵـی شیرین
ژیره هەزار جار
بۆ ئەو ئافـه رین



مەتەڵ . ٦٤

هەرکە ڕۆژ ئەبێتـەوە
ئەو لێم جیا نابێتەوە
بێ هەستە و بێ چاو وگوێ
بۆ کوێ بچم ئەویش دێ
جارێ ئەکـەوێتە دوام
جاری پێش، جارێ ئەملام
جارێ بچووکە و گرگن
جارێ بالآی وەکو من
تا ڕۆژ ئاوا هاوەڵمە
وەکو برا لە گەڵمە
بە تاریکی دە ڕەنجێ
زیز دەبێ تا خۆر هەڵدێ
مەتەڵمان چی پێ دەڵێن
دێ و دەچێ .. بێ گۆشتە و خوێن

**مەتەڵ . ٦٥**

ڕێبواری یەك مانگە ڕێ
دەیبینین لە شار و دێ
لە سەرەتای دەرچوونی
نابینرێ بە ڕوونی
پاش سێ چوار ڕۆژ وەك کەوان
خۆی پیشان دە دا پێمان
لە نیــوەی ڕێ  لە تێکە
وە ك نیـوە کـاڵەکێکـە
کاتێکیش دەگـا تە جــێ
ئەو مانگە ڕێیە دەبـڕێ
بازنــەیەکی تــەواوە
وێــنەیــەکی لە ناوە
کەس نازانێ ئەو وێنە
چیە ؟ مەتەڵ هەڵبێنە
ناشێ بڵێی  گرانە
ئەو ( ....) ە لە ئاسمانە .



**مەتەڵ .٦٦**

مەتەڵ هەشت پیتی ئاسانە
ڕۆڵەی مـەرد و قارەمانە
بۆ ئازادی  گـەل و  وڵات
گیانی خۆی دەکا بە خەڵات
پیتی حەوت و شەش لەگەڵ دوو
گەر دەتوانی بیـکەوە زوو
پیتی سێ و پێنج لە گەڵ چوارە
بۆ دێوانە شێت و هارە
یەك و دوو لە گەڵ سێیەمە
بە واتایا تر ( بەردەم) ە
حەوت و هەشت لەگەڵ شەش و چوار
تاقیی بکەوە یەکەم جار
چوار و پێنج و شەش لە گەڵ حەوت
مردنە کە چاوت پێ کەوت

**مەتەڵ . ٦٧**

سپی  سپی کلو کلو
وەك پەرە مریشك وەك پەموو
دێتە خوارەوە لە ئاسمان
دەڕژێتە سەر جادە و کۆڵان
دەشت و دەر و سەربان خانوو
دەکا بەیەك ڕەنگێ هەموو
دەتویتەوە لە ناکاو
سارده هەموو دەبن بە ئاو
ئەگەر لێشت کرده تۆپەڵ
زوو دەیزانی مانای مەتەڵ



**مەتەڵ . ٦٨**

ئەگەر مەتەڵمان هەڵبێنی
وریابە مەکەوە شوێنی
لە ناکاو پێتەوە ئەدا
(گاز) ی زۆر ئازارت ئەدا
زیانبەخشە وەك دڕندە
لە شێوە وەك پارچە سۆندە
ئەڵێن بێ شوێن و جێگایە
لە قلیشی زە وییایە
نیەتی دەست و باڵ و پێ
ڕێ دەکا بەسکە خشێ
بۆ سەر دار و درەخت دەڕوات
باڵندە و چۆلەکە دەخوات
لە ناو ئاوا مەلەوانە
لە وشکایش پاڵەوانە
زۆر بە سامە تەماشایکەی
ڕەنگە زوو لە ترسیا ڕاکەی
ناوی ئەم مەتەڵە هارە
لە سێ پیت پێکهاتووە ...ـ ه

### مەتەڵ .٦٩

خواردنێکی خۆش و چاکە
هەر خۆی دەڕوێ لە ژێر خاکە
گەڵا ناکا و نایەتە دە ر
تەنها ناو خۆڵا دێتە بەر
سروشتییە بێ دەس لێدان
دەر ئەچێ وەرزی بەهاران
بە هەورە تریشقە و بە باران
بە گرمە و چەخماخەی ئاسمان
دێتە بەرهەم زۆر بە جوانی
لە و دەشتە دوور ئاوەدانی
وەکو پەتاتەیە سەنگی
لە قەبارە و شێوەو ڕەنگی
بیزانە چیە مەتەڵمان
لە گۆشت خۆشترە ...



### مەتەڵ . ٧٠

باڵاترین پلەی مردن
بۆ وڵات خۆ بەخت کردن
مانای مەتەڵ ئەمجا رە یە
کوشتن بە پەتی سێدارەیە
یان لە ژێر ئەشکەنجە و لێدان
یان لە سەنگەری بەر خودان
گیانی دەکا بە قوربانی
لە ڕێی گەل و نیشتمانی
هیچ میللەتێ لەم جیهانە
وەك کوردی ئەم کوردستانە
لە پێناو خاك نەمردووە
وا گیانی نەسپاردووە
تاجی زێڕینی سەروەری
نەخستۆتە سەر سەری
پێنج پیتی پیرۆزە ناوی
کفنی ئاڵە بە خوێناوی
دە ئازاکە ... هەڵیبێنە
سەری ڕێزی بۆ دانوێنە .

ناوی مەتەڵەکان بە پێی زنجیرەی ژمارەکان :

١. میزەڵان
٢. پەپولە
٣. نان و ئاو
٤. کەڵە شێر
٥. پەشمەك
٦. شمشاڵ
٧. غاز
٨. لۆکە
٩ . نان
١٠. کەرکوك
١١. تۆپ
١٢. هێلکە
١٣. بەراز
١٤. سێو
١٥. بزمار
١٦. سەیوان
١٧. کۆلارە



١٨. مشك
١٩. بۆق
٢٠. ئەسیری
٢١. ڕیشۆڵە
٢٢. نێرگز
٢٣. دۆ
٢٤. شەو
٢٥. پێنووس
٢٦. شەونم
٢٧. نەورۆز
٢٨. کل
٢٩. کتێب
٣٠. ساوە ر
٣١. بێستان
٣٢. شەمامە
٣٣. زەردەواڵە
٣٤. کەرکوك
٣٥. تانجی

٣٦. مەل

٣٧. ئاڵا

٣٨. نێرگز

٣٩. گوڵەکان

٤٠. شەمشەمە کوێرە

٤١. جگەرە

٤٢. تەنور

٤٣. درۆ

٤٤. دەرزی

٤٥. هەنگوین

٤٦. چێشت

٤٧. پیرە مەگرون

٤٨. هەولێر

٤٩. مێخەکبەن

٥٠. چرا

٥١. پۆلیسی هاتوو چۆ

٥٢. کەر

٥٣. دەف



٥٤. چای

٥٥. شەکر

٥٦. پەنجەرە

٥٧. هەنار

٥٨. تەباشیر

٥٩. مێش

٦٠. بزن

٦١. پەڕە سێلکە

٦٢. کیسەڵ

٦٣. خورما

٦٤. سێبەر

٦٥. مانگ

٦٦. پێشمەرگە

٦٧. بەفر

٦٨. مار

٦٠. دۆمەڵان

٧٠. شەهید

کـۆ تـا یــی

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆلێنەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازییەکانی رەشەگۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لە غەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفو | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمە: المهندس محمد حسين رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنە | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی بیست | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤڵێت | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١١ |
| ١٣٦ | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٣٧ | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ١٣٨ | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە | ٢٠١١ |
| ١٣٩ | پەنجەرە بچووکەکان | چیرۆك | ئازاد عەبدولواحید | | ٢٠١١ |
| ١٤٠ | چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی کوردی | زمانەوانی | حمید خالید کەریم | | ٢٠١١ |
| ١٤١ | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | ٢٠١١ |
| ١٤٢ | لە مەدرەسەی نالییدا | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | ٢٠١١ |
| ١٤٣ | قاوەخانە | کۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٤ | دارستانێك له شمشاڵ | شيعر | نامق هەورامی | | ٢٠١١ |
| ١٤٥ | شينبوونی بەرد | كۆچيرۆك | د. موحسين ئەحمەد | | ٢٠١١ |
| ١٤٦ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێكۆڵينەوە | لەتيف هەڵمەت | | ٢٠١١ |
| ١٤٧ | مصطبة وحيدة أمام القلعة | دراسة | فاروق مصطفي | | ٢٠١١ |
| ١٤٨ | في الشعر الكُردي المعاصر | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠١١ |
| ١٤٩ | كتێبی بۆشاييەكان | شيعر | ئەديب نادر | | ٢٠١١ |
| ١٥٠ | ئەو هەتيوەی نابێت بە پياو | چيرۆك | | عەبدولستار جەباری | ٢٠١١ |
| ١٥١ | ڕاز و گەمەی ئيشق | شيعر | عەباس مەجيـــــد داوودی | | ٢٠١١ |
| ١٥٢ | نووسەر و نووسينەوەی زمان | لێكۆڵينەوە | نيهاد جامی | | ٢٠١١ |
| ١٥٣ | زيارەتی ماچ | شيعر | ڕەسووڵ سوڵتانی | | ٢٠١١ |
| ١٥٤ | له گێژەنی پرسياردا | ديمانه | حەمەفەريق حەسەن | | ٢٠١١ |
| ١٥٥ | بنەماكانی ڕەخنەی ئەدەبی | ڕەخنەی ئەدەبی | محەمەد سابير مەحموود | | ٢٠١١ |
| ١٥٦ | دڵی داگيرساوی دانكۆ | چيرۆكی وەرگێڕردراو | | و: ئەحمەد عارف | ٢٠١١ |
| ١٥٧ | شورای گۆڕەكان | كورته چيرۆك | هيدايەت محەمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٨ | كۆچباری گزنگ | ڕۆمانه شيعر | ستار ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٩ | بالوولی داناو قەرەقووش | بەسەرهات و پەند و ئامۆژگاری | عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەنگنه | | ٢٠١٢ |
| ١٦٠ | هونەرستان | خوێندنەوەگەلێكی هونەرييه | ئازاد گەرميانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦١ | بەسەر شانی سەحەردا وەره | كۆمەڵه شيعر | عەبدولڕەحيم سەرەڕۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٦٢ | مينا ڕەنگينەكان | كورته چيرۆك | جەليل محەمەد شەريف | | ٢٠١٢ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٣ | چيرۆكەكان | كۆمەڵه چيرۆك | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنه | | ٢٠١٢ |
| ١٦٤ | گەڕانەوەی تارماييەكەی ژەنەراڵ | كۆچيرۆك | سەمەد ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٦٥ | كەركوك له ديدی چەند سەرچاوەيەكدا | لێكۆڵينەوەی مێژوويی | هاشم عاصی كاكەيی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٦ | گوڵبژێرێك له وتەی ناوداران | وتەی ناوداران | ئامادەكردنی: ڕەزا شوان | | ٢٠١٢ |
| ١٦٧ | ئەزموونی ڕۆژنامەگەريم | يادەوەری | زاهير ڕۆژبەيانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٨ | مەرگی ئيلزه باسكولايت | كۆمەڵه چيرۆكی وەرگێڕدراو | و. حسێن عەلی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٩ | هۆنراوەكانی تيلەكۆ | هۆنراوه | عاسی عەلی تيلەكۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٧٠ | بۆ زاخاوی مێشك | مەتەڵ بۆ منالان | عوسمان دەروێش شكور | | ٢٠١٢ |